## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ٨ ) ساڵی ٢٠١٠

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩) لە ٢٠١٠/٦/٢٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

## یاسای ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٠
## یاسای درێژ کردنەوەی کار کردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ماددەی یەکەم :**

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٢/٧/١٦ درێژ دەکرێتەوە .

**ماددەی دووەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٧ ــەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

هەولێر
٨/ تەمموزی /٢٠١٠ی زایینی
١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی
٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

## هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

لەبــەر ئــەوەی ئــەو هۆکارانــەی کــەوا دەکـات جێبــەجێ کردنـی حوکمــەکانی یاســای بەرەنگاربوونــەوەی تــیرۆر ماونەتـــەوە و واش پێویـــست دەکــات ژیــانی هاوولاَتیــانی هـــەرێم و مـــال ّو موڵــك و ئاســایش و ســـەقامگیرییان بپارێزرێ ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا .